سەرۆک ئۆباماو سەرۆکی کوردستان و شاندی یاوەری –2010.1.25 – واشنتۆن


سەرۆکی کوردستان بەرەو کۆشکی سپی لە واشنتۆن

گەشتێکی دیپلۆماسی سەرکەوتووانە....
پانۆڕامای سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ ئەمەریکا و نەمسا

لە 2010/1/23 بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بەیاوەریی شاندێکی باڵا بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەداوەتێکی فەرمیی باراک ئۆباماى سەرۆکی ئەمەریکا بەڕێکەوت. لەمیانەی ئەو سەردانەیدا سەرۆک بارزانی چەندین دیداری گرنگی لەسەر ئاستی باڵای حکومەت وکۆنگرێسی ئەمەریکا ئەنجامدا بەتایبەتی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا. پاشانیش بەڕێزیان لەبەردەوامیی گەشتەکەیدا بەرەو نەمسا بەڕێکەوت ودوای تەواوبوونی گەشتە دیپلۆماسییەکەی بەڕێزیان لە 2010/2/7 دا گەڕایەوە پایتەخت.

ئا: محەمەد زەنگەنە

لەکۆشکی سپیدا

لە 2010/1/25 بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەئۆڤەڵ ئۆفیسی کۆشکی سپی لەلایەن باراک ئۆباما سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشوازیی لێکرا. لەو دیدارەدا کە وێڕای شاندی یاوەری سەرۆکی کوردستان جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا ئامادەی بوو سەرۆکی کوردستان تیشکی خستەسەر گرنگیی هەڵبژاردنی دادێی ئێراق و پابەندیی کوردی بەئێراقی فیدراڵیی دێموکراتیی فرەیی دووپاتکردەوە، هەروەها جەختی لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی دەستووری ئێراقی فیدراڵی کردەوە کە حەکەمی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانە. لەبەرامبەردا باراک ئۆباما ستایشی ڕۆڵی سەرۆک بارزانیی لەسیاسەتی ئەمڕۆی ئێراق کردو ودووپاتیکردەوە ئەمەریکا پشتیوانی لەهەموو هەنگاوێکی دێموکراتییانە بۆ پێشخستنی ئێراق دەکات، هەروەها بۆ پارستنی سەقامگیریی هەرێمی کوردستانی ئێراق. لەهەمان ڕۆژدا کۆشکی سپی بەیاننامەیەکی بەبۆنەی دیداری نێوان سەرۆک بارزانی و ئۆباما دەرکرد تیایدا پابەندیی واشنتۆن بەپاڵپشتیی ئەزمونی سیاسی ودێموکراسیی کوردستان دووپاتکراوەتەوە. هەر لەهەمان ڕۆژدا سەرۆک بارزانی لەگەڵ جۆزێف بایدنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا کۆبۆوە.

پابەند بوون بەدەستووری فیدراڵ

ڕۆژی سێشەمە 2010/1/27 سەرۆکی کوردستان لەگەڵ خاتوو هیلاری کلنتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا کۆبۆوە. پێش دیدارەکە سەرۆک بارزانی و هیلاری کلینتۆن تەوەری دیدارەکەیان بۆ ڕۆژنامەنووسان ڕوونکردەوە. سەرۆکی کوردستان پابەند بوونی کوردستانی بەئێراقێکی فدراڵی دێموکرات دووپاتکردەوە هەروەها سوپاسی پێشوازیی گەرمی حکوومەتی ئەمەریکای لەبەڕێزیان کرد. لەبەرامبەردا خاتوو هیلاری خۆشحاڵیی خۆی بەسەردانی سەرۆک بارزانی نیشاندا ودووپاتیکردەوە چەندین بابەتی گرنگ لە دیدارەکانی نێوان سەرۆک بارزانی وسەرۆک ئۆباما باسکران.

لەگەڵ ڕەوەندی کورد

لە2010/1/27 دا سەرۆکی کوردستان لەواشنتۆن لەگەڵ ڕەوەندی کورد کەلەچەندین ویلایەتی ئەمەریکاوە هاتبوون کۆبۆوە. بەڕێزیان لەو دیدارەدا دووپاتیکردەوە کوردستان ئەمڕۆ پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە دیوەو و چیتر کورد قبوولی دیکتاتۆرییەت ناکات، ئاماژەی بەوەشدا ئەمەریکا لەپشتیوانیکردنی بۆکوردستان بەردەوام دەبێت.

سەردانی بۆ کۆنگرێس

لە2010/1/27 بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان بە جیا لەلایەن جۆن کیریی سەرۆکی لیژنەی دەرەوەی کۆنگریسی ئەمەریکا و سیناتۆران جۆن مەکین و جۆزیف لیبرمان پێشوازیی لێکرا لەو دیدارانەدا جەخت لەسەر پتەوترکردنی پەیوەندیی نێوان کوردستان و ئەمەریکا کرا لەهەموو بوارەکاندا.

نیوەڕۆ خوان لەپێشوازیی سەرۆکی کوردستان

لە 2010/1/28 جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا لە نووسینگەی تایبەتی خۆی نیوەڕۆخوانێکی ڕێزلێنانی بۆ سەرۆک بارزانی و شاندی یاوەری ڕێکخست، کە ژمارەیەک لە گەورە بەرپرسانی کۆشکی سپی و دامەزراوەکانی دیکەی ئەمەریکا ئامادەی بوون و تیاشیدا سەردانی سەرۆک مسعود بارزانی بۆ ئەمەریکاو وتوێژ و گفتوگۆی دیدارەکانی لەواشنتۆن بە گرنگ و بەرهەمدار وەسفکران و بیروڕاش سەبارەت بەژمارەیەک تەوەری پەیوەندیدار بەئێراق و هەرێمی کوردستان ئاڵوگۆڕ کران.

پێشکەشکردنی وتارێک لەپەیمانگای بروووکینگز

لە2010/1/28دا سەرۆک بارزانی لە پەیمانگەی بروووکینگز بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی سیمینارێکی بۆ بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان ڕێکخست. لەو سیمینارەدا سەرۆکی کوردستان وتارێکی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و باسی لە ڕەوشی ئێراق بە گشتی و ڕەوشی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و هەروەها ئایندەی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێراق و ئەمریکا و هەروەها پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و چۆنیەتیی پێشخستنی ئەم پەیوەندییانە کرد و وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەبووانی داوە. لەم سیمنارەدا، سەرۆک بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، تا ئەو کاتەی حکومەتی ئێراق پابەندی ئەم دەستوورە بێت کە خەڵکی ئێراق دەنگی پێداوە، ئەوا هەرێمی کوردستانیش پشتیوانی لەحکومەت دەکات و هەرکات ئەم دەستوورە پشتگوێ بخرێت، ئەو کات کورد هەڵوێستێکی دیکە دەنوێنێ.

لەپەنتاگۆن

لە 2010/1/28 بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان سەردانی تەلاری پەنتاگۆنی کرد و لە لایەن ڕۆبێرت گەیتس وەزیری بەرگری ئەمەریکاوە پێشوازی لێکرا. لە دیدارێکدا لە بارودۆخی گشتیی ئێراق و هەرێمی کوردستان دووان و تەئکیدیش لە هەماهەنگیی زیاتری نێوان هەرێم و ئەمەریکا بۆ سەرخستنی پلانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و سەقامگیرکردنی بارودۆخی گشتیی لە ئێراق کرایەوە.

دیداری لەگەڵ وەزیری بازرگانی

لە 2010/1/30 سەرۆکی کوردستان لە واشنتۆن، سەردانی وەزارەتی بازرگانیی ئەمەریکای کرد و لەوێ لەلایەن وەزیری بازرگانیی ئەمەریکاوە بەگەرمی پێشوازیی لێکراو کۆبوونەوەیەکی دووقوڵییان بە ست. لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی کوردستان لە واشنتۆن لەگەڵ کۆمەڵەی کلدان و ئاشووری لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کۆبووەوە.

دیدارەکانی سەرۆکی کوردستان لەنەمسا

دوای جێهێشتنی ئەمەریکا ، سەرۆکی کوردستان لە 2010/1/30 دا لەنەمسا لەگەڵ شاندێکی پایەبەرزی پارتی ئاشتی ودیموکراتی وپارتی دادو گەشەپێدانی تورکیا کۆبۆوە. لەو دیدارەدا باس لە دواینی بارودۆخی تورکیاو پێویستیی بەردەوامبوونی پرۆسەی کرانەوە بەڕووی کورد لەتورکیا دووپاتکرایەوە. هەر لەنەمسا سەرۆکی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی نەمسا کۆبۆوەو ئامادەی ئاهەنگێکی هونەرمەندی گەورەی کورد شڤان پەروەر بوو کە بەچاودێری و ئامادەبوونی سەرۆکی نەمسا ڕێکخرابوو.

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ جۆزیف بایدن جێگری سەرۆکی ئەمەریکا

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ ڕۆبرت گێتس وەزیری بەرگری ئەمەریکا

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ هیلاری کلینتۆن وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ ئینستیتۆتی بروکینگس لە واشنتۆن

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ سەمیر سومێدەعی باڵیۆزی ئێراقی فیدراڵ لە واشنتۆن

شاندی کوردستان لەگەڵ هەردوو سیناتۆر جۆن مەککین و جۆزیف لیبەرمان

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ وەزیری بازرگانی ئەمەریکی

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ نانسی بیلۆسی سەرۆکی کۆنگرێسی ئەمەریکا

سەرۆکی کوردستان لەگەڵ سەرۆکی نەمسا